لەبارەی جە نجاڵی ساختەی فتواکەی دراوە پاڵ باوکمەوە

بۆ هەموو ئەوانەی
لە دووی ڕاستی ئەگەڕێن

محمدی مەلا کریم

بەغدا
ئایاری ٢٠٠٣

تم المسح الضوئي بـ CamScanner

لەبارەی جە نجالّی ساختەی فتواکەی دراوە پالّ باوکمەوە

بۆ هەموو ئەوانەی
لە دووی ڕاستی ئەگەڕێن

محمدی مەلا کریم

بەغدا
ئایاری ٢٠٠٣

دەقی ئەم وتارە

لە ژمارە ١٨٩ی رۆژنامەی

((رۆژانەی سلێمانی))دا بلاوکراوەتەوە

لـەم ڕۆژانـەی دواییـدا ژمـارە (١٨٤)و ژمـارە (١٨٥)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژانەی سلێمانی)م لە سلێمانییەوە بۆ هات ، لـە یەکـەمیاندا وتـارێکی کـاک سـۆران مـەحویی بـە ناوونیشانی (بۆ فەتوا ناهەقیەکـەی ، مـەلا عبدالکریمـی مودەریس)و ، لـە دووهەمیشیاندا وتارێکی پارێزەر کـاک مـیر مـەحویی بـە ناوونیشـانی (مـەلا عەبدولکـەریمی مودەریسـیش جبەکـەی مـەلای خـەتێی دووبـارە نوێکردەوە) ، بلاوکرابوونـەوە . پاشانیش ژمـارە (١٨٦)و ژمارە (١٨٧)ی ڕۆژنامەی ناوبراوم بۆ هات ، لە یەکەمیاندا وتارێکی کاک عومەر فارس محەمەد بە ناوونیشانی (کێ بە ناهەق ، ناهەقی بە خەڵک دەکات) لە بەرپەرچدانەوەی وتارەکـەی ژمـارە (١٨٤)ی کـاک سـۆران مـەحویداو ، لـە دووهەمیاندا سێ وتار هەر لـەم بابەتـەوە بلاو کرابوونـەوە یەکەمیان بە ناوونیشانی (سکت دهـرا ونطـق کفـرا) بـە پێنووسـی کـاک سـۆران مـەحویو لـە بەرپەرچدانـەوەی وتارەکـەی ژمـارە (١٨٦)ی کـاک عومـەر فارسـداو ،

دووهەمیان بە ناوونیشانی (وەفایەك بۆ زانای پایەبەرز مامۆستا عبدالکەریمی مودەریس) بە پێنووسی مافپەروەر کاك ماجد رشاد محمدو ، سێهەمیشیان بە ناوونیشانی (فەتوایەکی مەلا عبدالکریمی مودەریس و ڕایەکی سێهەم) بە پێنووسی کاك سواڕە کەریم مستەفا کە وتارەکەی ئەمیش تەرخان بوو بۆ هێرش کردنە سەر باوکم . هەر لەم ژمارەیەدا دیسان وتارێکی میر مەحوی بلاوکرابوەوە کە هەرچەند من ناوی ئاشکرای باوکمم تێدانەکەوتە بەرچاو، بەڵام هەر هەمووی تەرخان بوو بۆ پلارگرتنە ئەو .

لە وتارە یەکەمەکەی میر مەحویدا منیش ڕاکێشراومەتە مەیدانەوەو لە بارەمەوە وتراوە گوایە من فتواکەم خوێندووەتەوەو پاشان کە میر بیری کردووتەوە ئەوەی فتواکەی خوێندووەتەوە ، وەك لەسەر پەردەی تەلەفزیۆنەکە دەرکەوتووە ، مەلایەکی گەنجی ڕیش پانەو بەندەیش نە مەلامو نە ڕیشی چ پانو چ درێژم نییەو بەڵکو هەمیشە ڕیشیشو سمێڵیش لە بندا ئەتاشم ، بۆ

ئەوەی لە مەیدانی تاوانبارکردنەکە دەرنەچم وای بەباش زانیوە بڵێ من فتواکەم بە ناوی باوکمەوە نووسیوە . خۆ کەس پێ نازانێ ڕاستە یان درۆیە !

لەم ڕێچکەی وتارانەوە کە هەر خواو بنووسەکانیان و دامودەزگای ڕۆژنامەی (ڕۆژانەی سلێمانی) ئەزانن چیی‌تریش بەڕێوەیە ، دەرئەکەوێ کە لایەنێکی تایبەتی پلانێکی بۆ بلاوکردنەوەی کۆمەڵێك وتار بە بیانووی ئەم فتواوە ، داڕشتووە کە ئێمەیان تێدا بەدناو بکرێ و ، بە شێوەیەکی دوور لە ڕاستەقینەی مێژووی ژیانی خاوێنی پڕ لە دڵسۆزی و خزمەت و گەلێ جۆری خەبات بۆ گەل و نیشتمانمان ، تێیدا بخرێینە بەرچاوی جەماوەری نەتەوەکەمان ، بەڵکو ئەمە خوایە بتوانن چەند کەسێکی ساویلکەی لە دنیا بێئاگا چەواشە بکەن و هەڵیانخەڵەتێنن .

پێش ئەوەی بچمە بڕبڕەی بابەتی بەناو فتواکەوە ، ئەبێ بە جەختەوە بڵێم هەرچەندە لە هەموو وتارەکاندا واپیشان

دراوه کـه نیشـانەی هێرشـەکە باوکمـەو ئامانجیشـی داکۆکییە لە گەلی کورد کە گوایە باوکم فتوای کوشتنو سەرومالێ بەتالآن بردنی داوەو ، ئەم فتوایشە لە پێناوی بەرژەوەندی بەعسدایەو ، بۆیە ئەبێ باوکم بەدناو بکرێو وەك پیاوێکی خۆفرۆشتوو ئابڕووی ببرێ ، ڕاستەکەی ئەوەیـە مەسـەلەکە بـەم جـۆرە نییـەو گـەلی کـوردو بەرژەوەندی گەلی کورد هەر لە بنەڕەتەوە لە ئارادا نییەو بـەڵکو بـاوکم خۆیشـی مەبەسـت نـەبوە ئـەم هێرشـە عێلجارییەی بکرێتە سەر ئەگەر باوکی من نەبوایەو ، ئەم هـەموو فـەحشو فەزیحەتـەی بۆیـە پـێ ئـەکرێ چونکـە کوڕێکی خوا خراپ بۆ کردووی وەك منی هەیە . هێرش کردنە سەر منەکەیش هیچ پاڵپێوەنەرێکی نیشتمانیو نەتەوەیی ڕاستەقینەی لە دواوە نییەو هەر لەبەر ئەوەیە من لە سەرەتای دیوانی مەحویداو پاشان لە قستیقاڵی مەحویدا کە پار لـە هـەولێر بـەرپا کـرا هـەندێ ڕەخنـەی بابـەتیو زانسـتییانەو بـەجێم لـە مـەحوی گرتـووەو ،

ڕیشەی ئەم هێرشە بۆ سەر منیش کۆنەو ئەگەڕێتەوە بۆ دوای چاپی دووهەمی دیوانی مەحوی کە ئەو کاتە لایان وابوو من پارەیەکی مۆڵم لەو چاپە نوێیە دەستگیر ئەبێ‌و، بۆیە پەنایان بردە بەر وەزارەتی ئیعلامی عێراقی ئەو سەردەمە کە گوایە دیوانی مەحوی بە میرات هیی ئەوانەو، من بێ‌پرس‌و ڕای ئەوان لە چاپم داوە . ڕاستەکەیشی ئەوە بوو ئەو دیوانی مەحوییەی کە شێخ محەمەدی مەحوی کۆی کردبوەوەو ئەوو مامۆستا گۆران‌و کاکەی فەلاح‌و پاشان باوکم‌و بەندە ساغمان کردبوەوەو من‌و باوکم شەرحمان لێ کردبوو و لێکمان دابووەوەو ئێمەو شێخی مەحوی پێشکەشی کۆڕی زانیاری کوردمان کردبوو و کۆڕ لە چاپی دابوو ، دوای پێشکەش‌کردنەکەی بە کۆڕ‌و لە چاپدانەکەی لە لایەن کۆڕەوە بووبوو بە مولکی کۆڕ‌و فڕی نە پاشماوەی مەحوی‌و نە ئێمەی پێوە نەمابوو . منیش کە بۆ جاری دووهەم لە چاپم دابوو ئیزنم لە کۆڕی زانیاری کورد وەرگرتبوو ، بەڵام ئەوان ئەم ڕاستییانەیان

لای وەزارەتـی ئیعـلام نـەدرکاندبوو و مەسـەلەکەیان بـە جـۆرێ تێگـەیاندبوو کـە بڕیـاری وەزارەتـی ئیعـلام بـۆ سوودی ئەوان بێ . وەزارەتی ئیعلامیش هیچی لەم بارەوە لە من نەپرسیبوو . هـەر ئەوەندەم زانی فـەرمانێکم هاتـە سـەر کـە نـابێ تـا مەسـەلەی مولکییـەتی نـەو کتێبـە ئەبڕێتەوە من دانەیەکی لێ بفرۆشم . کە کار گەیشتە ئەم ڕادەیە من پرسم بە دادیاران کرد . دادیـاران تێیانگـەیاندم کە هـەر تەنها لەبـەر ئـەوە شـیعرەکانی دیوانەکـە شـیعری باپیرە گەورەیانە هیچ مـافێکی قانوونییـان بـەو کتێبـەوە نـابێ ، چونکـە کتێبەکـە شـیعرەکان و لێکدانـەوەی شـیعرەکانە کـە ئێمـە کردوومانـە . ئەمـە ئەگـەر کتێبەکـە نەبووبوایە بە هیی کۆڕ . کە بوویش بە هیـی کۆڕ نە فڕی ئێمە و نە فڕی ئەوانی پێوە نامێنێ و کۆڕ بە ئارەزووی خۆیەتی بۆ خۆیی لە چاپ ئەداتەوە یـا ئـەو مافە ئەدا بە کەسێکی تر وەکوو کە لە چاپی دووهـەمی کتێبەکەدا بە منـی دابـوو . لـە هـەموو ئەمـەیش بـەولاوە قـانوونی

پاراستنی مافی خاوەن بەرهەم قانوونێکی نوێیە و کاریگەریی ئەم قانوونە بەسەر پێش دانانیدا ناڕوا کە بە ئیستیلاحی قانوونییەکان ئەڵێن (اثری رجعی)ی نییە .

لەگەڵ هەموو ئەمەیش ، من بۆ ئەوەی بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناکۆکیی نێوان ئەدیبان نەیانگەیەنێتە ئەو ڕادەیە بکەونە شکات و شکاتکاری لە یەک و لە بەردەمی دادگادا ڕانەوەستن ، بە پێشنیهادی کۆمەڵێک لە ئەدیبانی ئەو سەردەمەی سلێمانیی وەک دوکتۆر عیزززەددین مستەفا و ع.ع. شەونم و مستەفا سالح کەریم و شێرکۆ بێکەس و کاکەی فەلاح و ڕەئووف بێگەرد و کەسانێکیتریش ڕازی بووم بێ پەنابردنە بەر دادگا لەناو خۆماندا ڕێک بکەوین و ، بەم پێیە کۆبوونەوەیەک لە مالی یەکێک لەو برادەرانەدا کرا کە ئێستا لە یادم نەماوە کێ بوو . لەو کۆبوونەوەیەدا ، جگە لە برادەرانی خاوەن پێشنیهادەکە کاک عەبدوڵلاڵ ئاگرینیش ئامادە بوو کە لەو سەردەمەدا ئەو مەسەلەی

هاتوچۆکردنی بەغدا و چوونە وەزارەتی ئیعلام و گفتوگۆ کردن بەناوی بنەماڵەی مەحوییەوەی لە ئەستۆ گرتبوو . لەو کۆبوونەوەدا بڕیاردرا من (٧٠٠) دانە دیوانی مەحوی بە میراتگرانی مەحوی بدەم لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن و نوسخەکانیشم بۆ ناردن و ، مەسەلەکە لەو کاتەدا بەمجۆرە بڕیاوە ، تا پاش ماوەیەک لە شێوەیەکی تردا بێتەوە ئاراوە .

ئەمەیە ڕازی بنەمای ئەم هێرشە ناڕەوایەی ئەمڕۆ لە گەرمەی شادمانیی گەلی کورددا بە لە کۆڵبوونەوەی مێردەزمەی ڕژێمی فاشیستیی بەعس و ، بۆ یاریکردن بە هەستی خاوێنی جەماوەر و کینەی پیرۆزی لە دامودەزگای تەپیوی سەددام و هەموو دارودەستەکانی ، بە پیشاندانی باوکم ، بەو گشتە خواناسی و خزمەتگوزارییەوەی بۆ ئایینی ئیسلام و بۆ هەموو موسوڵمانان و بەتایبەتی بۆ گەلی کورد کە هەموو مرۆیەکی ئاگاداری بە شەرەف دەستی بۆ بە سنگەوە

ئەگرێ ، کەوا گوایە لە خزمەتی بەعسدا بووە و فتوای بۆ سوودی ئەو دەرکردووە و تەنانەت پارەیشی ـ بەهۆی منەوە ! ـ لەو ڕژێمە وەرگرتووە .

× × ×

لێرەداو پێش ئەوەی لە دەرگای ئەسڵی باسەکەم بدەم کە فتوا دراوە پاڵەکانی باوکمن ، بە پێویستی ئەزانم ئەوە بڵێم کە من هەرگیز ڕەخنەگرتنی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەر جۆرە ڕەخنەیەك ، مادەم مەسەلەکە لە سنووری ڕەخنە نەچێتە دەرەوە ، بە نیشانەی سووکایەتی پێکردن دانانێم و، لام وایە ڕەخنە لە پێویستییەکانی دەرخستنی ڕاستی بۆ جەماوەرە و ، لە قازانجی ڕەخنە لێگیراوەکەیشە ئەگەر لە ژیاندا بێ تا بتوانێ بە خۆیدا بچێتەوە و چەوتی و چەوێڵیی خۆی ڕاست بکاتەوە . سەرەڕای ئەوەیش ، ئەو پەروەرشتەی من لەسەر دەستی دایکم و باوکم وەرمگرتووە و لە ژیانی فەقێیەتی و پاشان سیاسیمدا دەرزیم دادراوە ،

پەرۆمرشتێك نییە فێری سووکایەتیکردن بە هیچ ئینسانێکی شەریف و خاوێنی کردبم ، نەخوازەلاً بە یەکێك لە ڕەمزە دیارەکانی ئەدەبی کوردی وەك مەحوی . من ئەگەر مەحویم ، وەك شاعیر ، بە یەکێك لە تڕۆپکەکانی ئەدەبی کوردی سەردەمی بابان و ، وەك ئینسان ، بە تێکۆشێکی بوێری کۆمەلاًیەتی و داکۆکیکەر لە جەماوەری سلێمانی نەزانییایە - وەك لە سەرەتای دیوانی مەحوی و لە وتارەکەی ڤستیڤاڵی مەحویدا لە هەولێر ڕوونم کردووەتەوە - بەشێکی زۆری ڕۆژانەی خۆشاردنەوەی سیا سالّی وەیشوومەی تاعوونی فاشیستیی ١٩٦٣مم بۆ خەریکبوون بە شاکارەکەی دیوانی مەحوییەوە بەسەر نەئەبرد و ، هەروا لە سالاّنی ١٩٧٦و ١٩٧٧یشدا تا بە چاپ گەیاند و چاوی جەماوەری ئەدەبدۆستی کوردم پێ ڕوون کردەوە . من بەشداریی خۆم لە نووسینەوە و لێکدانەوە و بەچاپ گەیاندن و سەرپەرشتیکردنی لە چاپدانی دیوانی

مـەحویدا ، وەك لـە دیوانـی نـالی و بێخـود و گـۆران و بێکـەس و گەنجینـەی مـەردان و یادگـاری ڕۆژانـی دەربەدەریی زێوەردا ، بەو مایەی شانازیکردن و شان و شـکۆیەی خـۆم ئـەزانم کـە پـاش مردنیشـم ڕۆڵـە بـە ئەمەکەکانی نەتەوەکەم بە هۆیانەوە و لە سایەیانەوە یادی بەخێرم ئەکەنـەوە . جا با هـەر میر مـەحوی و کەسـانێکی وەك ئەویش ، بە بەرچاوی ئەم هەموو خەڵکە خوێندەوارو نـەخوێندەوارەوە کە قاقەزی سپی ئەخوێننـەوە ، پـێ بـە زەمـیری خوێـاندا بنێـن و بنووسـن حەمـەی مـەلا کـەریم دێڕێکی بۆ کورد نەنووسیوە .

ئەو چەند ڕەخنەیەیش کە لە مـەحویم گرتـوون ، هـەر لـە پێناوی ڕاستی و کورد و بەڵکو مەحوی خۆیشیدا بووە . مـن بێگومـانم ئەگـەر مـەحوی ئـەوەندە بـەرچاوی ڕوون بوایـە ئیسـلام و ئەمپـەراتۆریی عوسمـانیی لێـك جـوێ بکردایەتەوە . هەرگیز هەڵوێستێکی وای نەئەنواند ئەمڕۆ کەس بیکا بە مایەی ڕەخنە لە ژیانیدا .. ئەگەر بە چاوی

خانی و نالی و حاجی قادری کۆیی لە ژیانی گەلەکەیی بڕوانییایە و لە کونێکەوە سووچێکی ژیانی ژێر دەستەیی میللەتەکەیی لە سایەی عوسمانیدا بدییایە ، بە سەرکەوتنی عوسمانی بەسەر یۆنان و سیربییادا شادمان نەئەبوو و خۆشیی بۆ بەزاندنی ڕووسیای دوژمنی عوسمانی لەلایەن ژاپۆنیاوە نەئەنواند .

بەلأم بەهەر حالێ ئەبێ ئەوەیش لە یاد نەچێ من کە ڕەخنەم لە مەحوی گرتووە ، وەك نیشتمان پەروەرێکی کوردی دژی داگیرکردن و جەوروستەم قسەم کردووە ، نەك وەك کەسێك بییەوێ شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ بکا . بۆ ئەوانەی لە ڕوانگەی ئایینەوە سەیری کاروبار نەکەن لەوانەیە بووترێ لایەنگرتنی خەلیفەی ئیسلام (با هەر بە ناویش خەلیفەی ئیسلام بێ وەك سوڵتانەکانی عوسمانی) لە دژی ولأتان و دەوڵەتان و تەنانەت گەلانی کافر کە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلام ناکۆك بن ، بە هەموو جۆرێ پێویستە و ، مەحوییش دیارە لەو جۆرە کەسانە

بووە . بەڵام ئەمە بە سەنگ و ترازووی نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری بە ڕەوا دانانرێ و ، کە وەک موسوڵمانیش مامەڵەمان لەگەڵ مەحوی یا هەر کەسی‌تر کرد ئەو کاتە کێشەکەی نەتەوەییەتی و نا نەتەوەییەتی دێتەوە کایەوە .

گۆڕهەڵتەکێنە ، مەحوی !

قوتابییەکی دڵسۆزی وەک حەمەی مەلا کەریمت ، کە پاش (٥٥) ساڵ لە چاپی یەکەمی نیوە و ناتەواوی بەشێ لە شیعرەکانت ، دیوانەکەت ، بۆ یەکەمجار ، بە هاوکاری لەگەڵ باوکی پیر و پەککەوتەی و ، لە سایەی کۆڕی زانیاری کوردی دەستکەوتی پڕ شکۆی ڕێککەوتنەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠دا ، بە شێوەیەکی قەشەنگی شایانی چارەکی دواییی سەدەی بیستەم و ، وەک کتێبێکی زادەی چاپخانە ڕازاوەکانی ئوروپا ، بۆ جاری دووهەم و سێهەم ، بە هەزاران دانە ئەخاتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد و ، بەوە ڕێگا بۆ هەزارانیان ئەکاتەوە بە ئاسانی لە

شیعری گران و ئالۆزت بگەن و ، دەرفەت بۆ دەیان قوتابیی خوێندنی بالاْ لە کوردستاندا ئەرەخسێنێ تێزی ماجستێر و دوکتۆرات لەسەر بنووسن و ، شیعرت بگاتە شا کتێبخانەکانی هەر پێنج کیشوەر .. ئێستا ئەوا هەردووکیان ، باوك و کوڕ ، لەلایەن یەك دوانێ لە پاشماوەکانتەوە ، بە جنێوی تاڵ و سوێر و بوختانی بێ سەروبەر و تانەو تەشەر لە شەرەفی نەتەوەیی و نیشتمانییان ، لە جیاتیی دوعای خێری تۆ ، پاداشی بەخێریان ئەدرێتەوە و ، لە ژێر ئالاْی پیرۆز و گلاْوکراوی ئازادیی بیر و نووسین و بلاْوکردنەوەدا ، لاپەرە زەردەکانی هەندێ رۆژنامە بە بەد گۆیی دەرهەقیان رەش ئەکرێنەوە .

دە توخوا ، قوربان ! رێگەم بدە بەندەیش ، وەك خۆت ، لە بەرانبەر ئەم جۆرە هەلوێستەی کەسانێکی بێ هەلوێستدا ، پەنا بەرمە بەر دیوانەکەت و ، شیعرەکەی خۆت کە لە هەلوێستێکی دژواری ژیانتدا لە دەروونێکی

بـه کـولْ و جگـەرێکی هـــەڵقرچاوەوە هـــەڵقولاّوە ، ئـــەو شیعرەت بکەمە ویردی سەر زمانم کە ئەفەرموویت :

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاھ و هەناسەی گەرم
کەسێ ، شێتانە ، بەردم تێگرێ ، من بەرقی تێئەگرم

× × ×

جا دێمە سەر فتواکەی دراوەتە پاڵ باوکم .

من خۆم لە حاڵێکدا باوکم ئەم فتوایـەی دابـێ یـا ئـەم فتوایـەیان بـەناوەوە نووسـیبێ و بۆیـان خوێندبێتـــەوە و ئەویش ئیمـزای کردبـێ یـا هـەر ئـەوان لـە جیـاتیی ئـەو ئیمزایـان کردبـــێ ، لای نـــەبووم و لێـــی ئاگـادار نیـــم و ، کاناڵی تەلەفزیۆنی کرێگرتەی (الجزیرة)یش کە وتبێتی کوڕەکەی ئەیخوێنێتەوە درۆیـەکی شـاخداری فـەرموو .

بـاوکم ئێسـتا سـێ کـوڕی هەیـە دوانمـان لـە بـەغدا و یەکێکمان لە سلێمانی و هیچمان سەروکارمان لەگەڵ ئەم جۆرە کارانە نییە .

ئەمە یەک .

دووهەمیش باوکم چەندین ساڵە چاوی بە حاڵ تڕووسکاییەکی تێدایە و ، نە ئەتوانێ بنووسێ و نە ئەتوانێ بخوێنێتەوە و ، نە دەقی دوو دێڕی هیچ کتێبێکی شەرعی لەبەرە و نە ژمارەی لاپەڕە و بەرگی کتێب ئەزانێ و ، نە تاقەتی دەقیقەیەك یان دوو دەقیقە زیاتر قسەی هەیە . لەبەر ئەوە هەرچی بەناوبانگەوە نووسرابێ و خوێندرابێتەوە ، کەسێکی تر لەوانەی دینی خۆیانیان بە دنیای کەسانی تر فرۆشتووە ، نووسیویە و بە ناوی ئەوەوە خوێندوویەتیەوە . ئەگەر کاك میر مەحوییش منی نەدیبێ و بە شێوە نەمناسێ ، کاك سۆران مەحوی زۆر جار دیومی و زۆر چاکم ئەناسێ و ئەزانێ من نەبووم فتوام بە ناوی باوکمەوە خوێندبێتەوە . زیاد لەمەیش باوکم هەرگیز زۆری لێ نەکراوە و نەخراوەتە بەر زەبر و زەنگ تا فتوایەکی ناشەرعی بە ئارەزووی دڵی کاربەدەستان بدا و ، پیاوێکیش نییە زەبر و زەنگ بیگۆڕێ و لە ڕێگایەکی خۆی باوەڕی پێ هەبێ لای بدا .

بۆ نموونه له یادمه له ساڵەکانی هەشتادا کۆمەڵێك له پیاوانی حوکوومەت هاتنه لای فتوایەکیان پێ بوو ئیمزای کۆمەڵێك مەلای پێوه بوو ، ئەیانویست ئەویش ئیمزای بکا . بابەتی فتواکه بە کافر دەرکردنی قەزافی بوو . باوکم پێی وتن من هەرگیز قەزافیم نەدیوه و قسەم لەگەڵ نەکردووه و گوێم لێ نەبووه کوفری کردبێ تا بزانم کافر بووه یا نەو ، لە شەرعی ئیسلامیشدا کەس بە ئیقراری خۆی نەبێ بە شتێك که له شەرعدا بە کوفر دانرابێ ، بە کافر دانانرێ و ، ئیمزای فتواکەی بۆ نەکردن و بە نائومێدی گێڕانیەوه .

لەم بابەتی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانەیشیدا لەگەڵ ڕژێمی سەددام حوسێن ، ئەوەی من ئاگام لێ بێ ئەوەیە دوو فتوا لە بەغدا بە ناو و ئیمزای ساختەی باوکمەوه بلاّو کراونەتەوه . من گومانم لەوەدا نییە و هەرکەسیش شارەزای دەستنووسی کۆن و ئەم سالاّنەی دواییی باوکم بێت و ئیمزای ئەو بناسێتەوه گومانی لەوەدا نابێ که نه

خەت خەتی ئەوە و نە ئیمزا ئیمزای ئەوە و نە ئەو کوردییەی بە ناوی ئەوەوە داڕێژراوە ، زمانی ئەوە . بەڵام تێکڕای ناوەرۆکی هەردوو فتواکە بەپێی شەریعەتی ئیسلامە و هیچ باسی ئەوەیشیان تێدا نییە کە ((هەرکەس بە هەر بڕووبیانوویەک کۆمەک و یارمەتی عێراقی ئیسلامی لە دژ ئەمریکا و بەریتانیا نەدات لە بۆتەی کوفر و گومڕاییدایە و سەرومااڵیان ، شەرەف و عەرزیان نەک نییە ، بگرە حەاڵە بۆ عێراقیەکان . بۆیە جەنگ کردنیان لەگەڵ ئەو دوژمنانەدا ، غەزایە و سەرومااڵیشیان غەنیمەی موسڵمانان .)) . ئەمە گشتی لە هیچ کام لەو دوو فتوایەدا نییە کە لە بەغدا بە ناوی باوکمەوە لە چاپ دراون و باڵوکراونەتەوە . سەرەڕای هەموو ئەمەیش ئەم دەقەی کاك میر مەحوی لە وتارەکەیدا نووسیویە کەوا کانااڵی (الجزیرة) بەناوی باوکمەوە باڵوی کردووەتەوە ، کۆمەڵێك حوکمی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی تێدایە کە بە هیچ کلۆجێ ڕێی تێ

ناچێ نەك باوكم ، بەڵكو هیچ كۆلكە مەلایەكی حورمەتی ئایینی خۆڕاگرتوو بیلێ .

وا من لێرەدا دەقی تێكستە كوردییەكەی فتوای یەكەمیان ئەنووسمەوە كە پێوەندی بە بابەتی ئەو فتواوە هەیە كە برایانی مەحوی وتارەكانی خۆیانیان لە بارەیەوە نووسیوە ، تا ئەوەی وتارەكانی ئەو برایانەی خوێندووەتەوە بزانێ چەند جیاوازیی لەو دەقە هەیە كە برایانی مەحوی خستوویانەتە وتارەكەی خۆیانەوە و بە پەراوێزیەوە ئەوەندە دواون هیچ سنوورێكیان بۆ ئادابی گفتوگۆی سەنگین و بە ئەدەب بەرانبەر بە كەسێك كە لە تەمەنی باپیریانی تێپەڕاندووە ـ نەهێشتووەتەوە و ، عەرەبیش ڕاستییان وتووە كە وتوویانە : ((الكلام صفة المتكلم)) واتە : قسە سیفەتی قسەكەرەكەیە .

دەقی فتوای یەكەم بێ هیچ دەسكاریكردنێكی ئینشا و ئیملای :

به ناوی خوای گەورەوە

حەمدوو سەنا بۆ خوای گەورە دورودی خوا بۆ پەیامبەری خوا ((محمد))و بنەماڵەو ئاوەڵانی بەگشتی .

خوای گەورە فەرموویەتی ((وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولا تعتدوا ان الله لايحب المعتدين)) وە فەرموویەتی ((انفروا خفافا وثقالا وجاهدوا باموالكم وانفسكم في سبيل الله)) .

پەیامبەری خوای مەزن درودی خوای لەسەر بێ ، فەرموویەتی : ((لاهجرة بعد الفتح ولكن جهاد ونية وإذا استنفرتم فانفروا)) وە فەرموویەتی ((المسلمون تتكافأ دماؤهم وهم يد على عدوهم)) ئەی موسڵمانەکان ئەی ئیماندارانی دوای ئەوەی ئەمەریکاو ئینگلیزی کافرو ئەوانەی لەگەڵیان دان لە ئەهلی کفرو گومڕایی هاتن دەستیان کرد بە کوشتنی موسڵمانە بێگوناهەکان هەروەکو بینیتان هاتوونەتە وواڵاتێ لە وواڵاتانی ئیسلام کە عێراقی موسڵمانە دوای ئەمە وە بەر لەمە ئەرکی

سەرشانمانە بەرووبان دا بجەنگین و جیهاد بۆەتە فەرزی عەین لەسەر هەموو موسڵمانێکی نێرینەو مێینە جەنگ بوەتە ئەرکی هەموو بە توانایەك کە کافر دێتە وولاتانی ئیسلامەوە مانی خەڵك وێران دەکەن دەستدرێژی دەکەنە سەر ئاسوودەیی خەڵك . زانـاو ئیمامەکانی موسڵمان ووتوویانە پێویستە بە رووی ئەوانەدا بجەنگین کە پێ دەخەنە خاکی ئیسلامەوە بەڵکو لەسەرمانە بەرووبان دا بجەنگین هەتا ئەگەر پێبخەنە وێرانەیەك لە وێرانەی موسڵمان جەنگین بە رووبان دا واجبەو بە هەر شتیك دێتە بەردەست هەتا ئافرەتی هاوسەریش بۆی هەیە بجەنگێت بێئەوەی پرس بە مێردەکەی بکات هەروەها کوڕ بجەنگێت بە بێئەوەی پرس بە باوکی بکات چونکە جەنگین لەم حاڵەتەدا بوەتە ئەرك سەرجەمی ئەم ڕاسپاردانە لە توحفەی ٢٣٥,٩و تەهزیبی ٤٤٨,٧و مغنی ٢٩١,٤و نیهایەی ٥٨,٨و حاوی ١٤٤,١٤

ئەو کافرە ئەمریکاییانە پێیان خستە ئەرزی ئیسلامەوە دەیانەوێت پیسی بکەن نیەتو مەبەستی خۆشیان ڕاگەیاندووە بەهەمان ئەو دەستوورەی بە وولاتانی دی موسڵمانیان کرد لە فەلەستینو ئەفغانستان جەنگین بە روویان دا جیهادەو فەرزی عەین نابێت دەست لە جەنگین بە ڕوویان دا هەڵبگیرێت . ئەوەی دەست هەڵبگرێت لە کشانی جیهاد فیراری کردوە ، ئەوەی لێمان بکوژرێت شەهیدە هەروەک خوای گەورە دیاری کردوە لە کتێبە پیرۆزەکەیداو ((وما النصر إلا من عند الله العزيز الحكيم)) .

ئیمزا

عبدالکریم محمد مدرس

سەرەکی کۆمەڵەی زانایانی عیراق . بەغدا

٢٤ی موحەرەمی حەرام ١٤٢٤

٢٧ . ئادار . ٢٠٠٣

بەناوی خوای گەورەوە

حەمدوو سەنا بۆ خوای گەورە دوروودی خوا بۆ پەیامبەری خوا "محمد" و بنەماڵەو یارەڵانی بەگشتی.

خوای گەورە فەرموویەتی "وقاتلوا فی سبیل الله الذین یقاتلونکم ولا تعتدوا ان الله لا یحب المعتدین" وە فەرموویەتی "انفروا خفافا وثقالا وجاهدوا باموالکم وانفسکم فی سبیل الله".

پەیامبەری خوای هەڵن دوروودی خوای لەسەربێ فەرموویەتی: "لا هجرة بعد الفتح ولکن جهاد و نیة واذا استنفرتم فانفروا" وە فەرموویەتی "المسلمون تتکافأ دماؤهم وهم ید علی عدوهم" نەی موسڵمانەکان نەی نیماندارانی دوای نەوەی نەمەریکاو ئینگلیزی کافرو نەوانەی لەگەڵیان دان لە نەملی کفرو گومراییی هاتن دەستیان کرد بە کوشتنی موسڵمانە بێگوناهەکان هەروەکو بینیتان هاتونەتە وڵاتێ لە وڵاتانی نیسلام کە عیراقی موسڵمانە دوای نەمە وەبەر لەمە سەرکی سەرشانمانە بەرەویان دا بچەنگین و جیهاد بوەتە فەرزی عەین لەسەر هەموو موسڵمانیکی نیرینەو مێینە جەنگ بوەتە نەرکی هەموو بەتوانایەک کە کافر دێتە وڵاتی نیسلامەوە مانی خەڵک ویران دەکەن دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموردەیی خەڵک. زاناو نیمامەکانی موسڵمان وروتویانە پێویستە بەروی نەوانەدا بچەنگین کە پێدەخەنە خاکی

ئیسلامەوە بەڵکو لەسەرمانە بەرووبان دا بجەنگین هەتا نەگەر بێبجەنە ویرانەیەك لە ویرانەی موسڵمان جەنگین بەرووبان دا واجبەو بەهەر شتیك دێتە بەردەست هەتا ئافرەتی هاوسەریش بۆی هەیە بجەنگێت بەبێ نەوەی پرس بەمێردەکەی بکات هەروەها کور بجەنگێت بەبێ نەوەی پرس بە باوکی بکات. چونکە جەنگین لەم حاڵەتەدا بوەتە فەرك سەرجەمی ئەم ڕاسپاردانە لە توحفەی ٢٢٥.٩و تەهزیبی ٤٤٨.٧و مغنی ٢٩١.٤و نیهایەی ٥٨.٨و حاوی ١٤٤.١٤

ئەو کافرە ئەمریکابیانە پێبان خستە ئەرزی ئیسلامەوەو دەیانەوێت پیسی بکەن ئیبەت و مەبەستی خۆشیان ڕاگەیاندوە بەهەمان ئەو دەستوورەی بەوڵاتانیدی موسلمانیان کرد لە ئەفغانستان جەنگین بەرووبان دا جیهادەو فەرزی عەین ئابێت دەست لەجەنگین بەرووبان دا هەڵبگرێت. نەوەی دەست هەڵبگرێت لەکشانی جیهاد فیراری کردوە. نەوەی لێمان بکوژرێت شەهیدە هەروەك خوای گەورە دیاری کردوە لە کتێبە پیرۆزەکەیدا: "وما النصر الا من عند الله العزیز الحکیم

عبدالکریم محمد مدرس

سەرەکی کۆمەڵەی زانایانی عیراق . بەغدا

٢٤ی موحەرەمی حەرام ١٤٢٤

٢٧. ئادار. ٢٠٠٣

ئەم فتوایە کە بە دوو دەق بەناوی باوکمەوە نووسراوە و بە ناوی ئەوەوە ئیمزا کراوە هەرچەند نە هیچ دەقێکی هیی ئەوە و نە بە دەستی ئەو نووسراوە و نە ئەو ئیمزای کردووە و دوو چاپی هەیە چاپێکیان دوو دەقی کوردی و عەرەبیی تێدایە و ئەو چاپەکەیان دەقە کوردییەکەی تێدا نییە و هەر دەقە عەرەبییەکەیەتی جارێك بە وێنەی دەسنووس کە ئەویش دەسنووسی باوکم نییە و ، جارێك بە کۆمپیووتەر ، بەڵێ ئەم دەقی فتوایە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام هاوجووتە و ، ئەگەر کەسێك لە ڕووی سیاسیی نیشتمانپەروەری یا نەتەوەپەروەرییەوە گلەییی لێ هەبێ ، ئەوە بۆچوونەکەی با لەو ڕووەوە هەندێ جاریش ڕاست بێ ، هەرگیز لە ڕووی ئیسلامەتییەوە ڕاست نییە ، چونکە وەك چۆن نیشتمانپەروەرێك یا نەتەوەپەروەرێك بە ناوی ولآت یا نەتەوەوە قسە ئەکاو بەرژەوەندی ولآت یا نەتەوە ـ وەك خۆی لێی تێنەگات ـ سەرچاوەی بیر و بۆچوونیەتی، مەلای موسوڵمانیش ئەگەر بە ناوی

ئیسلامەتییەوە قسە بکا ، ئەبێ وا قسە بکا کە باوکم گوایە کردوویە و ، ئیسلامەتییش وەک هەر فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی ، بۆ خۆی ئایدیۆلۆژییەکە لەو دەیان ئایدیۆلۆژییانەی لە دنیای ئەمڕۆدا هەن و ، بەڵکو ئەمڕۆ چەندین لك و ڕێبازی لێ بووەتەوە و ، مەرج نییە هەموو بڕیارێکی ئیسلامی لەگەڵ بیروباوەڕی نیشتمان پەروەری و نەتەوەپەروەریدا هاوجووت بێ و ، ئیسلامەتیو نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری لە گەلێك شتدا لێك جیان و ، هەرکەسیش بە پێی سەرەتای دیموکراسی و ئازادیی بیروبۆچوون بۆی هەیە کامیانی ئارەزوو لێیە هەڵیبژێرێ بۆ خۆی و ، کەس هەقی ئەوەی نییە ئەو مافی ئازادیی هەڵبژاردنەی لێ قەدەغە بکات .

هەر لەم بوارەدا فتوایەکی تریش بە ناوی باوکمەوە بلاوکراوەتەوە لەبارەی حەلاڵیی خۆبەکوشتدانەوەیە کە ئیسلامییەکان ئەمڕۆ ناوی (استشهادی)یان لێناوە . برایانی مەحوی لە بارەی ئەم فتوایەوە هیچیان نەفەرمووە

چونکه وادیاره نەیاندیوە ئەگینا لەوانەبوو ڕاپۆرتێکی لێ بدەن بە هێزەکانی تەحالوف و بفەرموون مامۆستا تیرۆریست و ئینتیحاری و لایەنگری بن لادن و ئەنسارولئیسلامە و ، نەخوازەلاً کە ڕەخنەی ئەوەیشیان لێگرتووە کە بۆچی لە بارەی کاری چەپەڵ و کەرانەی تیرۆریستە گۆڕهەڵکەنەکانی هەورامانەوە کە گۆڕی شێخەکانی بیارە و تەوێڵە و باخەکۆنیان هەڵتەکاند فتوایەکی دەرنەکرد و هیچی نەوت ؟ وا من لێرەدا ئەو فتوایەیشیان بە تەواوی دەستپاکییەوە بۆ ئەکەم بە کوردی تا کاری نووسینی وتارێکی کورد پەروەرانەی تریشیان بۆ ئاسان بکەم .

بەرلەوەی بڵێم ئەم فتوایەیش لە بارەی ئایینەوە گەردی لەسەر نییە چونکە ئیسلامیش ، وەک هەر بیرێکیتر ، چی لە بەرژەوەندی بێ بە ڕەوای ئەزانێ و ، لە ڕاستیدا ، لە ڕووی نەتەوەییشەوە بیگری ، دیسانەوە ڕەوایە چونکە هیچی لەوە جیا نییە کە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا

هەندێ لە پێشمەرگەکانی کوردستان هەردوو لاقی خۆیانیان بە قەدیانەوە ئەبەستەوە و ئەچوونە سەر ڕێگاکان و بەرانبەر تانکەکانی سوپا خۆیان دائەکوتا تا ئەهاتنە سەریان ، جا یا ئەوان تانکەکانیان ئەشکاند یا تانکەکان ئەمانیان ئەکرد بە ژێرەوە و ئەیانشێلان . لەگەڵ ئەوەیشدا ، وەک لە یەکێک لە دوا دێرەکانی فتواکەدا نووسراوە ، ئەم فتوایە بۆ کەسانێک دراوە کە بەڕاستی لە پێناوی خوا و بەهێزکردنی ئایینی ئیسلامدا کاری وا بکەن لەوانە بێ خۆبەکوشتدانی تێدابێ .

ئەمەیش دەقی وەرگێڕراوە سەر کوردیی فتواکە :

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

(حوکمی کارگەلی خۆبەشەهیدبوون دان)

سوپاس بۆ خودایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە . ڕەحمەت و دووری لە گەزەندیش بۆ گەورەی ئێمە کە موحەممەدەو بۆ کەسوکارە موسوڵمانەکانی و بۆ هاوڕێکانی ، هەموویان .

خودا فەرموویەتی : خودا سەرو مالّی لە موسوڵمانان کڕیوە بەرابەر ئەوەی بەهەشتیان پێبدات ، ئەوانە لە ڕێگای ڕەزامەندیی خودادا ئەجەنگن ، کافران ئەکوژن و خۆیان شەهید ئەبن . پەیمانێکە خودا بەستوویەتی لەگەڵیان ، لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا باس کراوە . کێ لە خودا بەوەفاترە بە وەعدەو گفتی خۆی ؟ کەواتە ئێوە خۆشحاڵو شادمان بن بەو موعامەلەی لەگەڵ خودادا کردووتانە . دەسکەوتی گەورە ئەوەیە .

زانایان و لەشەرع زانان ئەم مەسەلەیان پێشتر باس کردووە . کە مەسەلەی ئەوەیە موسوڵمانی غەزاکەر بچێتە ناو ڕیزی دوژمنانەوە بۆ ئەوەی شەڕیان لەگەڵ بکات ، بۆیشزانێ بێگومان ئەکوژرێ ، بەڵام ئەزانێ ئەم کارەی ئەو ئەیکا کافرەکان لاواز ئەکات و ترس و لەرز ئەخاتە دڵیانەوە . ئەیشزانێ ئەم کارەی ئەو هانی غەزاکەرەکان ئەدا کە شەڕ بکەن و زۆرتر بچنە پێشەوە بۆ غەزاو وەی

شەرکەرەکان بەرزئەکاتەوەو ئەچنە پێشەوە بۆ ئەوەی شانوشکۆی شەهیدبوونیان دەستگیر ببێ .

بەراء { کە ناوی یەکێکە لە هاورێیانی پێغەمبەر . د} خودای لێ ڕازی بێ ، لە ڕۆژی یەمامەدا ئەو کارەی کرد کە ئەمڕۆ غەزاکەرەکان ئەیکەن . ئەوە بوو کە لەشکری کافرەکان قەلأبەندییان کردو خۆیان لەناو قەلأکەیاندا توند کرد ، بەراء وتی بمخەنە ناو (جوحفە)وە کە تووڕەکەیەکی ناسراوە لە پێست دروست ئەکرێ و فڕێم دەنە ناویان ، واتە فڕێم دەنە ناو قەلأکەی دوژمنەکانەوە ، ئەوانیش وایان کرد ، ئیتر ئەو بە تەنها خۆی شەڕی لەگەلّ ئەکردن تا دەرگای قەلأکەی کردەوەو موسوڵمانەکان چوونە ژوورەوەو بەسەر کافرەکاندا زاڵ بوون .

لە سەحیحی موسلیمدا هەیە پێغەمبەر دروودی خودای لێ بێ لە ڕۆژی شەڕی ئوحوددا حەوت کەسی لە ئەنسارو دوو پیاوی لە موهاجیرین جوێ کردەوە ، کە موسوڵمانەکان ماندوو بوون پێغەمبەر دروودی خودای لێ

بێ فەرمووی : کێ ئەم کافرانەمان لێ لائەداو دووریان ئەخاتەوە بەهەشتی بەنسیب ئەبێ ، پیاوێك هاتە پێشەوەو کەوتە شەڕەوە لەگەڵیان تا شەهیدکرا ، ئەنجا یەکێکی تر هاتە پێشەوەو کەوتە شەڕەوە لەگەڵیان تا ئەویش شەهیدکراو هەر بەم جۆرە تا حەوت کەس لە موسوڵمانەکان شەهیدکران (سەحیحی موسلیم ، بەرگی ٣ ل ١٤١٥) .

کتێبەکانی باسی ڕەوشتی پێغەمبەر (د) باسی ڕووداوی زۆری وایان تێدایە کە موسوڵمانان لەو ڕووداوانەدا هەڵیان ئەکوتایە سەر ڕیزەکانی دوژمن ، وەك لە شەڕی یەرموکدا ڕووی‌دا کە چوارسەد پیاو دەستیان خستە دەستی پێغەمبەرو پەیمانیان لەگەڵ کرد لەسەر مردن . یەکێك لەوانە عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل بوو پاش ئەوەی کە موسوڵمان بووبوو . چوونە شەڕەکەوەو کەسیان لێ دەرنەچوو ، بەڵام پاشان موسوڵمانان سەرکەوتنیان بەنسیب بوو .

قورتوبی وتوویه : ئەگەر چوونە ناو کافران قازانجێکی بۆ موسوڵمانانو بەهێزکردنی ئایینی خوداو لاوازکردنو سووکو سەفیلکردنی کافرانو هاندانی موسوڵمانانی بۆ شەڕکردنو شەهیدبوونو خوێن گەرم بوونیان تێدابێ ، ئەوە ئەو پایە پیرۆزەیە کە خودا پەسنی موسوڵمانانی پێ کردووە لەو فەرموودەیەیدا کە ئەفەرموێت : خودا سەرو مالّی لە موسوڵمانان کڕیوە بەرابەر ئەوەی بەهەشتیان پێبدات . ئەم جەنگاوەرە لە بڵندترین پلەی شەهیدایە ..

کەواتە ئەوەی ئەو جەنگاوەرانە لە عێراق و لە فەلەستێن ئەیکەن کە لەگەڵ دەستدرێژیکەرانو داگیرکەران ئەجەنگن کە کاری خۆ بەشەهیدبوونداننو هەڵکوتانە ناو ڕیزەکانی دوژمنو کوشتنیانە بە مەبەستی سووککردن و لاوازکردن و ترس خستنە دڵیان ، ئەمە گشتی بەشێکە لە غەزاو ، هەرکەسمان لێ بکوژرێ لەگەڵ نیازی بێگەردی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين .

(حكم العمليات الإستشهادية)

قال الله تعالى :(إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة يقاتلون في سبيل الله فيقتلون ويُقتلون وعدا عليه حقا في التوراة والإنجيل والقرآن ومن أوفى بعهده من الله فاستبشروا ببيعكم الذي بايعتم به وذلك هو الفوز العظيم)

ذكر العلماء والفقهاء هذه المسألة من قبل ، وهي مسألة دخول المجاهد في صف العدو ليقاتلهم وهو يعلم أنه مقتول لامحالة ، لكنه يعلم أن عمله هذا يضعفهم ويدخل الرعب في صفوفهم ، ويعلم أن هذا يشجع المجاهدين على القتال والمزيد من الإندفاع للجهاد ورفع همة المقاتلين والإندفاع لنيل شرف الشهادة .

فقد فعل البراء رضي الله عنه يوم اليمامة مثل هذا الذي يفعله المجاهدون اليوم ، وذلك أنه لما تحصنت جيوش الكفار ودخلوا حصنهم قال البراء ضعوني في المجحفة — وهي درع معروف من الجلد — والقوني اليهم — أي إلى داخل حصن العدو — ففعلوا وقاتلهم وحده حتى فتح باب الحصن ودخل المسلمون وانتصروا .

وفي صحيح مسلم أن رسول الله صلى الله عليه وسلم أفرد يوم أحد في سبعة من الأنصار ورجلين من المهاجرين فلما رُهقوا ، أي أتعب المسلمون، (قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : من يردهم عنا له الجنة)، فتقدم رجل فقاتلهم حتى قتل ، ثم قام آخر فقاتلهم حتى قتل ، فلم يزالوا كذلك حتى قتل سبعة من المسلمين ٣/١٤١٥ .

وكتب السيرة فيها الكثير من الحوادث التي كان المسلمون يقتحمون فيها صفوف العدو ، كما حصل في معركة اليرموك عندما بايع أربعمائة رجل على الموت وكان من بينهم عكرمة بن ابي جهل بعد أن اسلم فدخلوا المعركة ولم يخرج منهم أحد ، وكتب بعدها النصر للمسلمين .

قال القرطبي : وإذا كان في الدخول في صفوف الكفار نفع للمسلمين وإعزاز لدين الله وفيه اضعاف وتوهين للكافرين ، وتشجيع على القتال ، والإستشهاد ورفع الحمية فهو المقام الشريف الذي مدح الله به المؤمنين في قوله :

(إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة) وهذا المقاتل في أعلى درجات الشهداء .

فما يقوم به المقاتلون الذين يقاتلون المحتدين والمحتلين في العراق وفلسطين من عمليات الإستشهاد وعمليات اقتحام صفوف العدو وقتلهم لتوهينهم واضعافهم وادخال الرعب في صفوفهم ، فكل هذا من الجهاد ، وكل من يقتل منا فهو شهيد مع النية الخالصة لله ولإعزاز الدين وأهله .

(ومن الناس من يشري نفسه ابتغاء مرضاة الله والله رؤوف بالعباد) .

الشيخ عبد الكريم محمد المدرس

رئيس رابطة علماء العراق — بغداد

٢٨ محرم الحرام ١٤٢٤ — ٣١ آذار ٢٠٠٣

خۆبەکوشت دانـدا بـۆ خـوداو بـۆ بـەهێزکردنی ئـایین و ئایینداران ، ئەوە شەهیدە .

خـودا فەرموویـەتی : ((بنیـادەمی وایـش هەیـە خـۆی ئەفرۆشـێ و سـەروماڵی خـۆی بـاخت ئـەکا لـە پێنـاوی ڕەزامـەندیی خـوداو ، خـودا لەگـەڵ بـەندەکانی خـۆی میهرەبانەو پاداشیان ئەداتەوە)) .

ئیمزا

شیخ عەبدولکەریم موحەممەد مودەڕڕیس

سەرەکی پێوەندی زانایانی عێراق

٢٨ی موحەڕڕەمولحەرام ١٤٢٤

٣١ی ئازاری ٢٠٠٣

ئەمەبوو دەقی ئەو دوو فتوایەی بە ناوی باوکمەوە و بە ئیمزایـەکی سـاختەی ئـەوەوە بـلاّو کراونەتـەوە . لەگـەڵ ئـەوەیش کـە ، وەك وتم ، ئـەم دوو فتوایـە بـە سـەنگو ترازووی شەریعەتی ئیسلام هیچیان تێدا نییە ، جارێکی تریش جەختی لەسەر ئەکەمەوە کە هیـچ کامیـان بـاوکم

نەینووسیوە و ، وەك دوکتۆر (علي الوردي) ئەفەرموێ (وعاظ السلاطين)ەکان نووسیویانن کە هەمیشە بەڕێوەبوون بۆ گیانی قسەیەکی لێ وەربگرن ، گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان ئەناردەسەری چەندین جۆرە پرسیاریان لێ ئەکرد بە هیوای ئەوەی زمانی هەڵکەوێ قسەیەکی وا بکا بەرژەوەندی ئاغاکانیانی تێدا بێ و ، هەر خۆیشیان ئەزانن وەلآمەکانی ئەویان چۆن بلآو ئەکردەوە . بیستمەوە جارێکیشیان هاتبوون وتەیەکی لە بارەی ئەوەوە لێ وەربگرن کە حوکمی شەرع دەربارەی ئەو کەسانە چییە کە لەگەڵ کافران هاوکاری ئەکەن ؟ دیارە مەبەستیشیان بە کافر یا هەر هیچ نەبێ بە تاوانبار دەرکردنی پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبە کوردستانییەکانی تر بوو کە شان بە شانی حیزبەکانی تری موعارەزە لەگەڵ ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، لە دژی ڕژێمی تەپیوی بەعس هاوکارییان ئەکرد . باوکم دەریکردبوونە دەرەوە . پاش

نەوە هەرچەندی تر هاتبوونەوە ، نەیهێشتبوو دەرگایان لێ بکەنەوە .

ئەمە لە بارەی فتواوە و ، لەمە زیاتر هەرچی لەم بوارەدا بڵێم بەر هەڕاج و مەزاتکردنی قسە ئەکەوێ و ئەوەیش کاری من نییە و ڕاستییەکەم بە تەواوی ڕوون کردووەتەوە . هەرکەس باوەڕی پێ ئەکا خوا جەزای خێری بداتەوە و با دڵنیایش بێ هیچ ڕاستییەکی لێ ناوەژوو نەکراوە . ئەوەیش باوەڕی پێ ناکا ئارەزووی خۆیەتی و من لەمە زیاتر هیچ شك نابەم بۆی باس بکەم و چی ئەڵێ با بڵێ و باوکم لەم ماوە کەمەی تەمەنیدا کە بە ڕووی زەوییەوەی ماوە ، باوەڕ ناکەم بتوانێ لەوەندە زیاتر خواپەرست و لە خواترس یا نیشتمانپەروەر بێ کە تا ئێستا بووە .

× × ×

میرمەحوی لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا ، بە گێڕانەوە لە برادەرێکیەوە کە ئەڵێ لە گۆڤاری (ئەلفبا)دا

خوێندوویەتیەوە ، ئەفەرموێ ((.. ڕۆژێم بەم دواییە ، پێش ئەم جەنگە گەورەیە ، بڕێکی باش و بەرچاوی پوول و پارە بە کاکە حەمەدا ، وەك هەدیەیەك ، بۆ مامۆستا بەخشیوە و ناردووە . کەواتە بۆی مەگەڕێ . ئەمە ئەبێ لە دەستیاو و پاسیاوی ئەوەدا بن)) .

ئەوەندەی کە ئەبێ مرۆ شەرم لە خۆی و لە خەڵك بکا کە ڕاستی ئاوەژوو بکا و درۆ بلاوبکاتەوە ، ئەوەندەیش پێویستە هەرچی ڕاستییە هەر ئەوە بخرێتە بەردەمی جەماوەر و دەرفەتی ئەوە نەهێڵرێتەوە کەسانێکی بێوێژدان درۆ هەڵبەستن و وەك ڕاستی بۆ خەڵکی بگێڕنەوە .

من کاتی خۆی لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری (ئەلفبا)دا باسی ئەو تەکریمەی باوکمم کردووە کە کۆڕی زانیاری تەکریمی کرد . بەداخەوە ئێستا گۆڤارەکەم لەبەردەستدا نییە تا بگەڕێمەوە سەری و سەیری بکەم

چیم وتووه و چی بلاوکراوەتەوە . بۆیە وا ئێستا پوختەیەکی ڕووداوەکە بۆ خوێندەواران ئەگێڕمەوە :

دوو ساڵ لەمەوپێش و بە وردی لە ٢٠٠١/١/٢٢دا ، کۆڕی زانیاری عێراق کە باوکم پتر لە ١٥ ساڵ ئەندامی کارای بوو و ئێستایش ئەندامی شەرەفییەتی ، تەکریمی دوانی لە ئەندامە کۆنەکانی خۆی کرد بەرانبەر بەو خزمەتانەی بە زانست و ڕۆشنبیریییان کردووە لە عێراقدا . ئەو دوانەی ئەوجارە تەکریم کران دوکتۆر مەحموود جەلیلی و باوکم بوون . ئاهەنگێکی گەورەیان بەو بۆنەیەوە سازدا کە وەزیری خوێندنی بالاو بەحسی عیلمی و ئەندامانی کۆڕی زانیاری و زۆر لە مامۆستایانی زانکۆکان و کەسایەتییە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی تێدا بەشداربوون . دیارە باوکم بەهۆی پیری و پەککەوتەییەوە نەیتوانی بێتە دانیشتنەکەوە ، من نوێنەری بووم و وتارێکیشم بەناویەوە نووسی و لە کۆڕەکەدا خوێندمەوە کە دەقە عەرەبییەکەی لە ژمارە ٢٩ - ٣٠ی گۆڤاری کۆڕی

زانیاری و پوختەیەکی کوردییەکەیشی لە ژمارە (١٥٧)ی گۆڤاری (رەنگین)دا بڵاو کراوەتەوە . لەو تەکریمەدا هەردوو زانای قەدرگیراو یەکی ملیۆنێك دیناری تەبعیان لەلایەن کۆڕی زانیاری ، نەك لەلایەن ڕژێمەوە ، خەڵات کرا .. لە ساڵی ٢٠٠٢یشدا هەروەها (بیت الحکمة) کە ئەویش دەزگایەکی زانستی و ڕۆشنبیرییە ، تەکریمی چەند زانایەکی عێراقیی کرد کە لەناویاندا باوکم یەکێك بوو لە دوو زانای کورد و خەڵاتەکەی ئەمیش هەر ملیۆنێ دیناری تەبع بوو و منیش دیسان خەڵاتەکەم لە جیاتیی باوکم وەرگرت کە دیارە ئەمجارەیش بەهۆی پیری و نەخۆشییەوە نەهاتبووە ئاهەنگەکەوە .

هەردوو ملیۆنەکە من بە فەرمانی باوکم بەدەستی خۆم بردمن دامنە دەستی خاوەنی چاپخانەی (المشرق) لە بەغدا کە بەرگی سێهەمی (خۆلاسەی تەفسیری نامی)ی بۆ چاپ ئەکرد و ، تاقە پوولێکی لێ نەچوەتە نە گیرفانی باوکم و ، دیارە نە گیرفانی منیش .

بەڵام ئەگەر بە پێی فەرموودەی پارێزەری داکۆکی لە داد و لە ڕاستی کەر میرمەحوی بێ ، ئەبێ باوکم ئایینی خۆی بە سەلەم و سەوزخڕ فرۆشتبێ بە میری و ، پارەکەیشی بۆ لە چاپدانی تەفسیری قورئان بەکارهێنابێ ! بە ڕاستی مامەڵەیەکی چاك و بە قازانجە !

ئەمە بوو ڕاستیی ئەو (دەستیاو و پاسیاوەی) میرمەحوی کە وادیارە نە باوەڕی بە خوا هەیە تا لە قورئانەکەیدا بخوێنێتەوە (الا لعنة الله على الكاذبين) و ، نە دەروونێکیشی هەیە لێی بپرسێتەوە : تۆیەك کە ئیددیعای هەڵگریی کەلەپووری مەحوی و ڕێگای مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شەرەفی کوردایەتی و ئالای دادپەروەری و دوژمنایەتیی ڕژێمی فاشستی ئەکەی ، چۆن بۆ خۆتی ڕەوا ئەدێری بوختانی خۆفرۆشتن بە دوژمنانی کورد بۆ مەلایەکی موسوڵمانی کوردی خزمەتگوزاری ئایینی ئیسلام و ئەدەبی کورد بکەی ؟.. بۆیە لێرەدا ڕووی دەم ئەکەمە هەموو ئەوانەی ئەم

فەرمایشـــانەی میرمـــــەحوییان خوێندووەتـــــەوە و ، ئـەو ئایەتـەی قورئـانی پیرۆزیـان بـۆ ئەخوێنمـەوە کـە ئەفەرموێت : ((یا ایها الذین آمنوا ان جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا ان تصیبوا قوما بجهالة فتصبحوا علی مافعلتم نادمین)) واتە : ئـەی ئـەو کەسـانەی ئیمانتـان هێنـاوە ! ئەگەر فاسقێ خەبەرێکی بۆهێنان ، دەستبەجێ بە ڕاستی مەزانن و بکەونە پەیجۆر تا بۆتان دەرئەکەوێ ڕاسـتی و درۆییـی خەبەرەکە چۆنە ، نـەوەك بـێ ئاگا و بـە نـەزانیی خۆتان کۆمەڵە خەڵکێ گرفتار و تووش بکەن و پاشان لەو کارەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە .

× × ×

برایانی مەحوی لە زیمنی ئەو ڕەخنە فرە بەجێیانەدا کە لە باوکمیان گرتووە فەرموویشیانە : بۆچی مامۆستا مەلا کەریم هیچ فتوایەکی لەبارەی ئەنفال و کیمیاوی بارانی هەڵەبجەوە نەنووسی ؟

مـن لـه وەلاّمـی ئـەم برایانـەدا پێشـەکی ئـەم نوکتەیـە ئەگێڕمـەوە . ئـەڵێن کابرایـەك بـە کابرایـەکی تـری وت سواریی حوشتر زۆر خۆشە . وتی بۆ خۆت سوار نابیت ؟

من قسەم لـەم سـەردەمی ئازادیی کوردسـتانە نییـە کـە هەرکەس نەتوانێ چیی بوێ بیڵێ و برایانی مەحوییش وا دەمیـان گەرمـە و پـاش ڕووخـانی ڕژێمـی سـەددام هیـچ ناترسن و چەندیان بوێ ڕەخنەی لێ ئەگرن . بـەلاّم بـا نـەك هەر ئەوانی ئازا و بوێر ، با هەموولا لە بنووس و شاعیر و ڕۆشـنبیر و مامۆسـتا و خـەڵکی تـری کوردسـتان ، هـەر بەمـەرجێ لـە ژێـر نیڵـەی حوکوومـەتی بەعسـدا ژیـابن ، شیعرێك ، چیرۆکێك ، وتـارێکی بێپێچوپـەنا و تـەمومژی خۆیانم پیشان بدەن بە ناوی ئاشکرای خۆیانەوە و بۆ ئەو بابەتانـەیان نووسـیبێ و بلاّویـان کردبێتـەوە و تەحـەددای ڕژێمـی ئاگر و ئاسن و خوێن و زیندانـی دەرگـا نادیـاری ژێـر زەوییـان پـێ کردبـێ .. جـا ئـەو کاتـە داوای کـارێکی لـە خـوار ئـەوەی خۆیانـەوە لـە خـەڵکیتریش بکـەن . کـورد

ئەڵێ : دەرزییەك بكە بە چاوی خۆتدا ، ئەوجا سووزنێك بكە بە چاوی خەڵكدا .

من زۆرم پێ خۆش ئەبوو ئەگەر باوكیشم و هەموو مەلاكانی كوردستان ، بەو پێیە كە (العلماء ورثة الانبياء)، خۆم و هەموو ئەدیب و بنووس و پۆژنامەنووسانی كوردستان ، ئەوان ، وەك ئەبووحەنیفە نوعمانی كوڕی ثابیت ، ئەوەندە چاونەترس و بوێر بوونایە داوای قازییەتییان لێ بكرایە و نەیانكردایە و لەسەر ئەو یاخیگەرییەیان بچوونایەتە بەندیخانەوە ، یا وەك ئەحمەدی كوڕی حەنبەل لە زیندانـدا لەژێر داردا بڕزانایە و ، ئەمانیش ، وەك شاكیر فەتاحی شەهید ، ئەوەندە لەسەر قسەی حەقی خۆیان سوور بوونایە ، وەك ئەویان لێ بكرایە و بە دەردەكەی ئەو ببرانایە .. بەڵام ئەمەی ، گەورەم ! ئێوە لەسەر كورسی و لەپشتی مێزی قسەی زل بەبادانەوە و ، لەوانەیشە پێكی عەرەق بە دەستەوە ، لە پیرێكی ١٠٥ ساڵەی بێچاوی لە

پەلوپۆکەوتووی داوا ئەکەن ، ئەوپەڕی قارەمانەتی و لە خۆبووردنە کە - بە داخەوە - لە پێش هەرکەسێکی تردا تۆزقاڵێکی لە خۆتاندا نەهاتووەتە دی و ، بۆیە - ئەگەر تۆزقاڵێ مەقاییس مابوایە - ئەبوو بێ دەنگ بوونایە . برایان ! ئەگەر هەموو کەسێ قارەمانەتیی پێ بکرایە ، قارەمانەتی وەک شۆڕبا هەڵقوڕاندنی لێ ئەهات . لەژێر ڕژێمی جەورو ستەمدا گرنگ ئەوەیە مرۆ حیز نەبێ بۆ دوژمن ، خۆی نەدۆڕێنێ ، خۆی بە کلکی جەللاد و خوونکارە پیاوکوژەکاندا هەڵنەواسێ ، پشتی گەلە سەگەل تێبەربووەکەی و تێکۆشەرە ئازا و ئازادە خۆ داوە تاوەکانی نەدا لە عەرز . جا ئەگەر زیادێ لەوەیش ، شتێکی (ئایی)ی پێ کرا ، ئەوە ، کورد واتەنی ، هەزاری خێرە و دوو هەزاری بەرەکەت . هەر بۆیەیشە کە خەباتی ئاشکرا لە تواندا نەبوو ، خەباتی نهێنی هەیە .. تێکۆشانی ژێر زەمینی هەیە .. شەڕی چەتەگەری هەیە . ئەمە بەش بە حاڵی ئەو کەسانەی پیاوی ئەو مەیدانانەن .. بۆ

کەسانێکی وەک مەلایەکی پیری وەک باوکیشم کە ئەو کاتە تەمەنی لە دەوروبەری نەوەد ساڵیدا بوو ، وەک مەلایەکی ئایین پەروەر ، فەرموودەکەی پێغەمبەر ڕابەریانە کە فەرموویەتی : ((من رأیٰ منکم منکرا فلیغیره بیده ، فان لم یستطع فبلسانه ، فان لم یستطع فبقلبه)) واتە : ((هەرکامێکتان کارێکی ناپەسەندی بەرچاوکەوت با بە دەست بیگۆڕێ . ئەگەر نەیتوانی بە دەست بیگۆڕێ ، با بە زمان بیگۆڕێ ، ئەگەر نەیشیتوانی بە زمان بیگۆڕێ ، با بە دڵ بیگۆڕێ)) .

× × ×

بەڵام ئەی بۆ باوکم یا من یا هەرکەسێکی تر نەهاتووینەتەوە بۆ کوردستان تا لەوێ بە ئازادی بژین و بتوانین هەر هەڵوێستێکمان بوو دەربڕین ، ئەوە هەرکەسێ زووفێك و وەزعێکی هەیە ناتوانێ بە ئاسانی لێی دەرچێ و ، لەوانەیە لە دەرەوەی کوردستان کارێکی پێ بکرێ بەئاسانی لەناو کوردستان خۆیدا بۆی

هەڵنەکەوێ بیکا . بەغدا بۆخۆی ئەوەندەی کورد تێدایە دڕۆ نییە ئەگەر بڵێین گەورەترین شاری کوردە لە عێراقدا . کەواتە ناشێ کاکە میر داوا لە هەموو کوردەکانی بەغدا یکا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان .

بەڵای منەوە ، لەگەڵ پێویستیی گەڕانەوەی زۆر جۆرە کەسیشدا بۆ کۆشی دایکی نیشتمان بۆ خزمەت کردنی لە نزیکەوە ، گرنگ ئەوەیە مرۆ لەناو گەلانی تریشدا مۆرکی نەتەوەیی خۆی بزر نەکا و سەری بە بەرزی ڕاگرێ و منداڵی کوردانە پەروەردە بکا و لە بواری کاری خۆی و لە هەر بواریکدا خزمەتی گەلەکەی بکا و ، من زۆر شادمانم کەسێکی وەك باوکم و خۆیشم ئەمەمان بەباشی لە بەغدا بۆ هەڵکەوتووە و ، لام وایە ئەو خزمەتەی ئێمە لە بەغدا بە کورد و کوردستانمان کردووە، لە هەندێ ڕووەوە لە کوردستان بۆمان مەیسەر نەئەبوو . باوکم لەو کاتەوە کە پاش زنجیرەیەك بە ناچاری لە شوێنی خۆ هەڵکەنران ، لە بەغدا سەقامگیر بووە ، ئەم

چەند ساڵەی دواییی ڵێ دەرکەی کە پیری و نەخۆشی و بێ چاوی توانی خزمەتکردنی چالاکانەی موسوڵمانانی لە بارەی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە ڵێ سەندووە ، هەمیشە ڕوویەکی ڕوونناک و سیمایەکی دیاری کۆمەڵەی کوردەواری بووە لە بەغدا و ، لە ناو هەموو ئەو موسوڵمانانەی جیهاندا کە بە مەبەستی ئایینی و زانستی ئایینی سەر لە بەغدا ئەدەن و ، بە درێژاییی ئەم ساڵانە خزمەتی گەورەی کولتووری ئیسلام و ئەدەب و زمانی کوردیی کردووە لە بەغدا و ، باوەڕم نییە هەرگیز ئەوەی لە هیچ شارێکی کوردستاندا بۆ ڕێك بکەوتایە . هەر بۆیەیش بە جەختەوە ئەڵێم ئەوەی سۆران مەحوی لە وتاری دووهەمی ژمارە (١٨٧)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژانەی سلێمانی)دا نووسیویە گوایە ((مامۆستا مەلا کەریم خزمانی سلێمانیی ڕاسپاردووە خانۆچکەیەکی بۆ دابین بکەن و دێتەوە شاری شارگڕ پاش ئەوەی موفتی دیاری عێراق و سەرۆکی یەکگرتووی زانایانی عێراقی ڵێ

سەندرایەوە و ئەوجا بە هەر هۆیەك بێت و لە شوێنی دوکتۆر ئەحمەد کوبەیسی دانرا ، ئەنجا مامۆستا بیری گەرانەوەی هاتە کەللەوە و بیری لەو کێشە و مەسەلەیە کردەوە)) . ئەمانەی سۆران مەحوی نووسیونی لە ئەلفیانەوە تا یێیان هەمووی درۆ و دەست هەڵبەست و زادەی خەیاڵی بەتاڵی خۆینی . باوکم نە بیری بەجێهێشتنی بەغدا و بارەگای گەیلانیی لەسەردایە و ، نە کەسی پاسپاردووە خانووی لە سلێمانی بۆ دابین بکا و ، نە ناو و نیشانی پەسمیی موفتیی دیاری عێراقی هەیە و نە هەرگیز بوویەتی و نە ئەم پایەیە لە عێراقدا هەیە و ، لەم بارەوە مەسەلەکە لەوە تێناپەڕێ کە کەسانێك بە حەزی خۆیان ئەم ناونانەوەی بۆ ئەنووسن و ، نە سەرەکایەتیی (رابطة العلماء)ی لێ سەنراوەتەوە و ، نە توانی هیچ کارێکیشی لەم پابیتەیەدا ماوە و ، نە لە شوێنی دوکتۆر ئەحمەد کوبەیسی و نە لە شوێنی کەسیتر دانراوەو ، دوکتۆر ئەحمەدیش خۆی بە

قوتابییەکی دڵسۆزی باوکم دائەنێ و تا پاش ڕووخانی ڕژێمیش لە ئەمارات ئەژیا و ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا .

هەرچی منیشم کە سۆرانیش وەک میرمەحوی حەزی کردووە چەردەیەک درۆم بە دەمەوە هەڵبەستێ ، مانەوەم لە بەغدا هیچ پێوەندێکی بەوەوە نییە ئەوەندە بە دانیشتنی پایتەخت دڵشاد بم نەتوانم دەستی لێ هەڵبگرم . مانەوەی من تا ڕژێم ڕووخا بەر لە هەرچی لەبەر ئەوە بوو ئەگەر لە سایەی ڕژێمدا بگەڕامایەتەوە بۆ کوردستان ئەبوو تا ڕژێم مابێ نەتوانم باوکم ببینمەوە . لەو کاتەیشەوە کە سەفەری کوردستان چەردەیەک لەوەو پێش ئاسانتر بووە ، سااڵی دوو سێ جار سەرم لە سلێمانی و هەولێر داوە و لە بەشێکی قستیقاڵە ئەدەبییەکانی سلێمانی و هەولێردا بەشداریم کردووە و لە هەندێ لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکانی هەردوولادا بە ناوی ئاشکرام و بە ناوی خواستەمەنییەوە چەندین بابەتم بلاوکردووەتەوەو تەنانەت گەڵجار

زیارەتی برایانی ئازیز کاك مەسعوود و مام جەلال و گەلێ لە سەرکردەکانی‌تریشم کردووە ، بەلأم من لە کاتێکدا کە گەلێ جار دوکتۆر عەبدوللاّ ئاگرینم دیوە و ئالوگۆڕی قسەی برایانەم لەگەلّ کردووە ، بەداخەوە کاك سۆرانم بەرچاو نەکەوتووە و لام وابێ ئەو تەنها لە ڕێگای ئەم (ڕۆژانەی سلێمانی)یەوە هاتبێتەوە ناو ناوەندە ئەدەبییەکە و ، بە هەرحالّ ئەوە باشترە مرۆ قسەی ڕاست بلأوبکاتەوە تا ئەوەی وشەی بۆش و بێ بنەما ڕیز بکا و بییەوێ بەهۆی چلکێکی چەپەلێ دەروونەوە خەلك بە ناهەق بەدناو بکا .

× × ×

دوا بە دوای هەموو ئەمەی کە لەم وتارەدا نووسیم و وتم ، ئەمەوێ بۆ خزمەتی ڕاستی و مێژووی کوردو بە ناهەق بەدناونەکردنی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا کە بە دریژاییی چوارده سەده هەزاران زانای گەورەی موسولمانی کورد چ لە کوردستان خۆی و چ لە زۆر ولأتی

تـری موسـولمانانـدا خزمـهتیان کـردووه و گهشـهیان پێکـردووهو بـه بهرهـهمی خۆیـان گهنجینـهی زانسـتی ئهویان دهوڵهمهندتر کردووه ، ئهمهوێ له پێناوی ههموو ئهمهدا بڵێم : ئهوهی دراوهته پاڵ مهلا محهمهدی خهتێ که گوایه له شهڕی نێوان محهمهد پاشای سۆرانی ڕهواندز و دهوڵهتی عوسمانیدا فتوای داوه ههرکهس به گژی سوپای عوسمانیدا بچێ تـهلاقی ئهکـهوێ و هـهر بۆیـهیش میر و لهشکرهکهی شهڕیان نهکرد و میرنشینییهکه ڕووخا ، ئهوه ههر قسهی دهمگۆی ناو ههندێ کهسی نهتهوهیی بهناو عیلمانییه و هیچ بهڵگهیهکی مێژوویی لهسهر نییه و لهوه بـهولاوه کـه خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا حسـێن حوزنـی موکریـانی لـه (مـیرانی سـۆران)هکـهیدا ئهمـهی ، بـێ دهستنیشانکردنی هیچ سـهرچاوهیهك ، گێڕاوهتـهوه ، من پێبزانم ، کهس به دیاریکردنی بهڵگـهو بنـهماوه باسـی نـهکردووه . بۆیـه زۆر سوپاسـگوزاری هـهر ڕۆشـنبیرێکی کورد ئهبم بتوانێ سهرچاوهیهکم پیشان بدا به شێوهیهکی

زانستییانه لەم مەسەلەیە کۆلێبێتەوە و گەیشتبێتە ئەنجامێکی وا لە جیهانی زانستدا متمانەی پێبکرێ تا بزانین ئاخۆ مەلای خەتێ بەڕاستی ئەم کارەی کردووە و ، میری ڕەواندز لەسەر فتوای ئەو دەستی لە شەڕ کێشاوەتەوە و ، بەڵگەی مەلای خەتێ لە فتوادانەکەیدا ، ئەگەر فتوای وای دابێ ، چی بووە ؟ چونکە بە شەرع و بە قانوون (البينة على المدعي) واتە ئەوەی ئیددیعای شتێک ئەکا ئەبێ بەڵگە لەسەر ئیددیعاکەی پیشان بدا . سەرەڕای ئەمە من کە تا ئێستا باوەڕم بە ڕاستیی ئەم ئیددیعایە نییە ، ئەوەندەی کە شارەزاییم لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە ، یاخی بوونی موسوڵمانان لە بەناو خەلیفەی ئیسلام نە موسوڵمانی پێ کافر ئەبێو نە تەلاقی پێ ئەکەوێ . موعاوییەی کوڕی ئەبووسوفیان و هەزاران موسوڵمانی سەر بەو کە بەشێکی زۆریشیان لە هاوڕێیانیپێغەمبەر بوون دروودی خوای لێ بێ ، لە خەلیفەی چوارەم عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب یاخیبوون و لە دژی کەوتنە شەڕەوە و

خوێنی سەدان کەس لەو شەڕانەدا ڕژا و لەگەڵ ئەوەیشدا نـە عـەلیی کـوڕی ئـەبوو تـالیب خـۆی و نـە هیـچ موسوڵمانێکی تر فتوای کافربوون و تـەڵاقی ژن کـەوتنی موعاوییە و دەستە و دائیرەی موعاوییـەیان نـەدا . ئەمـە تەنـها تاقـە یـەک نموونـەی زەقـە لـە مێـژووی ئیسـلام و شـەریعەتی ئیسـلامدا و لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا دەیـان نموونەی یاخیبوونی بەشێک لە موسوڵمانان لە خەلیفەی سەردەمی خۆیان لە مێژووی گـەلانی موسوڵماندا هەیە و کەسیش فتوای کافربوونی کـەس و تـەڵاق کـەوتنی هیـچ یاخییـەکی نـەداوە . کەواتـە ئـەی ئـەبێ مەلایـەکی گـەورەی کەڵـە مـەلای وەک مـەلای خـەتێ ، لـەناو دەیـان مـەلای سەردەمی خۆی و دەوروبـەری خۆیـدا ، ئـەم فتوایـەی لـە کوێوە هێنابێ و چۆنی دابێ ؟

کۆمپیۆتەر : محەمەد زەهاوی

بەخۆڕایی دابەش ئەکرێ

لە چاپخانەی (الخنساء) لە بەغدا

لەچاپ دراوە